**ڕێنمایی نوێی ڤایرۆسی کۆڤید سەبارەت بە کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی خەڵك**

بۆ یارمەتیدانی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو کۆمەڵگا گۆڕانکاری نوێ هاتوتە ئاراوە بۆ ڕۆژی دووشەمە 14ی سێپتەمبەر.

ڕێساکان دەربارەی گۆڕانکارییە سەبارەت بەوەی ئێوە چەند کەس دەتوانن بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆببنەوە لەگەڵ یەکتری:

- لە ڕۆژی دووشەممەوە ڕێکەوتی 14ی سێپتەمبەر، ئێوە نابێت کۆببنەوە لەگەڵ کەسانی خێزانەکانی تر بەشێوەی کۆمەڵایەتی لەناو گروپی زیاتر بێت لە 6 کەس.

- ئەمە لەناو ژوورەوە و لە دەرەوە دەگرێتەوە، لەوانەشماڵە تایبەتەکان.

- شوێنە داخراوەکانی تایبە بە ڤایرۆسی کۆڤید-19، وەکو شوێنەکانی خواپەرستی، چێشتخانەکان و شوێنەکانی میوانداری، دەتوانن ئێستاش هەر میوانداری ژمارەی گەورەتری خەڵکان بکەن بە کۆی **بەڵام گروپەکانی هەتا 6 کەسی نابێت تێکەڵ بن یان لە گروپە گەورەترەکانەوە بن.**

- پۆلیس دەسەڵاتی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سنووردارکردنانە، لەوانەش سزای پارە دەربکات (ئاگادارینامەی سزای جێگیرکراوی پارە)ی بە بڕی £100، دەکرێت بە دوو ئەوەندە بە پێشێلکردنی زیاتر تا دەگاتە ئەوپەڕی بە بڕی £3,200.

- ژمارەیەکی دیاریکراو لێبووردن هەیە:

❖ کاتێك کە هەموویان پێکەوە دەژین یان لەناو هەمان بڵقی هاوکاری* support bubble دابن، یان بۆ بەردەوام بوون لە ئامادەکارییەکانی ئێستا کە منداڵان لە هەمان ئەو خانەوادەیە ناژین کە دایك و باوکەکەی لێیە

*بڵقی هاوکاری تۆڕێکی هاوکاریی نزیکە لە نێوان خانەوادەیەك کە تەنیا یەك کەسی گەورەی تێدایە لەناو ماڵەکە (کە ناسراوە بە خانەوادەی تاکە کەسی گەورە) وە لەگەڵ خانەوادەیەکی تری هەمان قەبارە.*

❖ بۆ کارکردن، وە خزمەتگوزارییە خۆبەخشیەکان و خێرخوازیەکان

❖ بۆ خوێندن، مەشق و ڕاهێنان یان چاودێری منداڵی تۆمارکراو (لەوانەش چاودێریی گشتگیر و بەربڵاو)

❖ جێبەجێ کردنی پابەندبوونە یاساییەکانی وەکو ئامادەبوون لە دادگا یان خزمەتگوزاریی سوێندخۆر jury

❖ دابینکردنی هاریکاریی کتوپڕ، یان دابینکردنی هاوکاری بۆ کەسێکی دۆخ ناسك

❖ بۆ تۆ و کەسێکی تر بۆ خۆ بە دوور گرتن لە نەخۆشی، برین یان زیان پێگەیشتن

- بەشداریکردن لە گۆڕەپانی یاریکردنی منداڵان
- بۆنەکانی مارەکردن و هاوسەرگیری مەدەنی یان پێشوازیکردن، یان بۆ بۆنە ئایینیەکانی تری ژیانی ڕۆژانە – کە تێیدا تاکو 30 کەس دەتوانن ئامادە بن
- پرسەی مردوو – کە تێیدا تاکو 30 کەس دەتوانن ئامادە بن
- وەرزشەکانی ناو ژوورەوە و دەرەوەی ڕێکخراو، چالاکی جەستەیی و پۆلەکانی ڕاهێنانی وەرزشی (بڕوانە لیستی وەرزشەکانی کات بەسەربردنی بەشێوەی تیم، وەرزشەکانی دەرەوە وە ڕاهێنانە وەرزشیەکانی ڕێگەپێدراون بەپێی ڕێنماییەکانی جیم و سەنتەرەکانی کات بەسەربردن
- گروپەکانی گەنجان یان چالاکیەکان
- پێشبڕکێی وەرزشی و ڕاهێنانی هەڵبژاردە
- چالاکیەکانی نارەزایی دەربڕین و سیاسیی ڕێکخراو بەپێی ڕێنماییە دەستبەرکردن سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆڤید-19و لەژێر هەڵسەنگاندنی توندی مەترسیدابن

**ڕێساکان لە شوێنەکانی تر و چالاکیەکانی کات بەسەربردن**

شوێنەکان دوابەدوای ڕێنماییەکانی دەستبەرکردن سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 دەتوانن بەردەوام بن بە پێشوازیکردنی خەڵکی زیاتر بەکۆی – وەکو خزمەتگوزارییەکانی خواپەرستی لە پەرستگاکان- **بەڵام کەس نابێت سەردانی گروپێك بکات زیاتر بێت لە 6 کەس.** کاتێك تۆ سەردانی یەکێك لەو شوێنانە دەکەیت، وەکو مەیخانە، دوکان، شوێنی کات بەسەربردن، چێشتخانە یان شوێنی خواپەرستی تۆ دەبێ:

- پەیرەوی سنووردارییەکان بکەیت سەبارەت بە ژمارەی کەسانی تری کە دەبێ چاوت پێیکەون وەك گرووپێك – زیاتر نەبێت لە شەش کەس مەگەر تەنیا ئێوە هەمووتان پێکەوە دەژین (یان لەناو هەمان بڵقی هاوکاریدان)
- خۆت بە دوور بگرە لە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەرکەسێك کە لەدەرەوەی ئەو گرووپە بێت کە تۆی تێدایت، هەتا ئەگەر تۆ خەڵکانێك ببینیت کە دەیانناسیت
- وردەکاری زانیاری دەربارەی خۆت بدە بە ڕێکخەرەکە بۆ ئەوەی بتوانرێت پەیوەندی پێوە بکرێت ئەگەر پێویست بوو لەلایەن پرۆگرامی پشکنین و سۆراخ کردنی NHS

کاتێك کە چاوت بە خەڵکێك دەکەوێت کە لەناو خانەوادەکەت نین هەوڵدە دووری خۆت بپارێزە لە خەڵکانێکی دەرەوەی خانەوادەکەت یان بڵقی هاوکارییەکەت. ئەمە شتێکی گرنگە چەند دەتوانرێت بۆ پاراستنی خۆت، خێزانەکەت و هاوڕێکانت.

**با خۆمان بپارێزین، خەڵکانی تر بپارێزین، نۆرفۆك بپارێزین**